# دنیای منداڵان





٢

پاشکۆی

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژماره ٣٤٧، ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨١ ( ٢٣ی ئوتی ٢٠٠٢)


## جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە ئێوەش پیرۆز بێ



منداڵە خۆشەویستەکان دەیان ساڵ بەر لەوەی ئێمە لەدایك ببین، تەنانەت زۆر پێش ئەوەی دایك و بابی زۆربەی ئێمەش لەدایك بن، کوردستانی نیشتمانمان ڕووداوێکی مێژوویی بەخۆیەوە دیت. با بزانین ئەو ڕووداوە چی بوو؟

پەنجاو حەوت ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، قازی محەممەد، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی دامەزراند. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئازادیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی کرد بە ئامانجی خۆی و خەڵکی کوردستانی بەو مەبەستە یەکگرتوو کرد. حیزبی دێمۆکرات هەر لە یەکەم ساڵی تێکۆشانی خۆیدا گەلی کوردی کرد بە خاوەنی "کۆماری کوردستان". قازی محەممەد کە پێشەوای حیزبی دێمۆکرات بوو، بوو بە سەرکۆمار. قازی محەممەد لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ مزگێنیی دامەزرانی کۆماری کوردستانی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیاند.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو کاتەوە تا ئێستا، لە خەبات و تێکۆشان دایەو لە پێناوی وەدەستهێنانی خودموختاری بۆ خەڵکی کوردستان و ئازادی بۆ گەلانی ئێراندا، هەزاران ڕۆڵەی خۆی کردوە بە قوربانی. پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە هەر سێکیان ڕێبەری حیزب بوون، شەهیدی ڕێگای ئازادین.

منداڵە ژیرو خوێن شیرنەکان!

خەڵکی کوردستان هەموو ساڵێ، بیرەوەریی ئەو ڕۆژە پیرۆزە دەکەنە جێژن و منداڵانی کوردستانیش لە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژدا، بە جلوبەرگی جوانی کوردییەوە سروود دەخوێننەوەو بە مجۆرە ڕێز لە تێکۆشان و خزمەتەکانی حیزبە خۆشەویستەکەیان دەگرن.

**ئازیزان! جێژنی لەدایکبوونی حیزبی خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانتان لێ پیرۆز بێ.**

## جێژنی کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن



منداڵە ئازیزەکان! ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٧ی گەلاوێژ بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنی ٨١ ـ ٨٠ کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب جێژنێکی گەورەو بەشکۆی لە یەکێك لە بنکەکانی سەربە دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە برد. لەم جێژنەدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان و قوتابیان دەگەڵ بنەماڵەکانیان و هێندێك لە مامۆستاکان لە دەوری یەك کۆببوونەوە. بەرنامەی جێژنەکە بە دوو سروودی پرسۆز ڕازابۆوە کە لە لایەن منداڵانی قوتابییەوە ئامادە کرابوون. ئەم ڕێوڕەسمە بە هاوکاریی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردن و کۆڕی هونەری و هەروەها یەکیەتی لاوان بەڕێوە چوو. لە درێژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا ئەو قوتابیانەی ساڵی خوێندنیان بە سەرکەوتن و بە پلەی باش تەواو کردبوو، خەڵات کران.

### لەنێو منداڵانی کەمپی دێگەڵەدا



لەنێوەڕۆیەکی گەرمی هاوینیدا سەردانی کەمپی "دێگەڵە" ناوەندی ١ی کوردستانمان کرد تا لە نێزیکەوە میوانی منداڵە چاو گەشەکانی ئەم ناوەندە بین. لە ساڵۆنی گشتی ناوەند لە دەوری یەك کۆبوینەوە. "هانا" هاتە پێشێ و شێعرێکی زۆر جوانی بۆ خوێندینەوە. منداڵەکان تێکڕا چەپڵەیان بۆ لێدا. "دەریەند"یش مەتەڵێکی داهێنا و وتی بۆ دنیای منداڵانی دەنێرم. "شەماڵ" وتی: لەوەتی "دنیای منداڵان" دەردەچێ ئێمە لەخۆشیان پێمان وەعەرزی ناکەوێ، لەوەبەولا ئێمەش بابەت دەنێرین، تۆخودا هەمیشە بۆمان بڵاو کەنەوە.

کۆڕەکەمان ئەوەندە خۆش و باسەفا بوو، بە هیچ جۆرێك نەماندەویست لێك جیا ببینەوە. بەڵام دەبوو ماڵئاواییمان کردبا، منداڵەکان قەولیان دا بە زووترین کات بەرهەمەکانی خۆیان بۆ "دنیای منداڵان"، دنیای خۆیان بنێرن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# داری بەردار




لەتیف هەڵمەت

داری بەردار مەشکێنە
بەرو بووی مەوەرێنە

ئاوی بدە گشت کاتێ
میوەی خۆشت دەداتێ!

داری بەردار هاوڕێیە
جوانی شارو لادێیە

داری بەردار زۆر جوانە
بڕینەوەی تاوانە

ئاوی بدە گشت کاتێ
میوەی خۆشت دەداتێ.

# "کوردی بێژم"

جیمەن مەنیش - نوردووگای
ڕۆمادی، تەمەن ١٣ ساڵ

کوردم ڕۆڵەی کوردستانم
خۆشم ئەوێ نیشتمانم

کوردم، کوردم، کوردی بێژم
چاو ئەستێرەی گەلاوێژم

بیرم پاکە، کانیی شاخە
دڵم پەرەی گوڵە باخە

دەنگم وێنەی دەنگی مەلە
نیگام وەك خۆری دەم کەلە

هەڵ ئەبەزم دائەبەزم
ئاشتیخوازم، کوردم ئەزم

ناوی کوردو کوردستانم
ئەکەم بە وێردی زمانم



# نامەیەک

بابە گیان سەلام! چاوت ماچ دەکەم سەلامی دایکم دەگەیەنم چاوی ماچ دەکەم. بابەگیان چەند شاران چووم سەقزو شنۆو مەهاباد بەڵام بۆکان لە هەموویان خۆشتر بوو. لەگەڵ منداڵان زۆر کایەمان کرد زۆر شێعرم بە کوردی خوێندەوە ئەوانیش بە فارسی بۆیان خوێندمەوە. لێیان پرسیم کە تۆ لە کوێ فێری کوردی بووی پێم ئەگوتن و ئەیان دەزانی کە من کچی تۆم. بابەگیان چوومە سەر قەبری حەسەن زیرەك ئەو شێعرانەی لێی نووسرابوو خوێندمەوە. بەڵای قەبرانی گەورەدا ڕۆیشتین. پێیان گوتم ئەوە قەبری کاك شوانە بابت چاکی دەناسی! وتم پێشمەرگە بوو کوژراوە! بۆچی قەبری لێرەیە دەبوو لە فێرگە بایە. بابەگیان دەگەڵ ئەو رەفیقەی تۆ بە خیاباندا هاتین زۆری خەڵك لێ بوو. وتم ئێرە ئێوی چیە وتی چوارڕای . . . چووینە لای چۆمی پردێکی گەورەی لێ بوو لە نێو دارەکاندا خەڵك بە یەکەوە دوو کەس و سێ کەس دانیشتبوون وتم چی دەکەن. وتی ئەوانە لە نێو ئەو شارە جوانەدا لە هەموو کەس خراپترن. وتم ئارەق دەخۆنەوە وتی نا، زۆر لەوە خراپتر کە موعتادن. بابەگیان ڕۆژنامەم (*) دیت ئەدی بۆ عەکسی یەکەمەکانی تێدا نەبوو. دەزانم زۆرت من خۆش دەوێ. پاش یەك مانگی دیکە دێمەوە.

خواحافیز (ب)

(*)"ب" کچی هاوڕێیەکی پێشمەرگەیە، پۆلی دووهەمی سەرەتایی تەواو کردوە. هاوینی ئەم ساڵ بە دوای کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندندا، بە سەردان چوو بۆوە بۆ نێو کەس و کاری لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان. بەر لەوەی بگەڕێتەوە لەوێوە نامەیەکی بۆ باوکی نووسیبوو. نامەکەیان زۆر پێ جوان بوو. بە باشمان زانی لە "دنیای منداڵان"دا بڵاوی بکەینەوە.

"ب" لە نامەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە لەو شارە ڕۆژنامەی "کوردستان" و "دنیای منداڵان"ی دیوە، بەڵام بەداخەوە وێنەی یەکەمەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمی سەرەتایی تێدا نەبووە. بۆ ئاگاداری "ب" و خوێنەرانی دیکەی "دنیای منداڵان"، بە پێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لەم سێ پۆلەدا قوتابییە یەکەمەکان ئاناسێندرێن.

"ب" لە نامەکەیدا بۆیە باسی "فێرگە"ی کردوە، چونکە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب لە نزیك "فێرگە"یە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گوڵە جوانەکان

### سەرنج بدەن

ژیانۆ ژیان بە یەکەوە یارییان دەکرد. ئەوان بە قوڕو بەردو چیلکەو خانوویەکی بچووکیان ساز کردو جادەیەکیشیان بە بەرد بۆ کێشابوو.

ژیانۆ ژیان بووکە شووشەو ئەسپو ماشێنۆ... و هەرچی لە جانتایاندا هەبوو لەلای خانووە قوڕینەکە کۆیان کردبووە. واتە لەو شوێنە ژیانیان پێک هێنابوو هەر خەریکی یاری کردن بوون، کە لەپڕ، ژیانێک بەوێدا هاتو خانوو و جادە دروست کراوی لێ تێکو پێک دان.

خەریک بوو دەست بکەن بە گریان.

ماوەیەک لە خانووە رووخاوەکە ڕامان، پاشان چاوێکیان لە یەکتر کردو ئەوەندە پێکەنین، خەریک بوو ڕیخۆڵەیان بپسێ.

گوتیان: وەڵاهی دروستی دەکەینەوە.

ئاگادار بن ئەوە کارێکی پڕ مەترسییەو دەبێ دوورتر لە جادە یاری بکەین!!!

گوڵە گەشەکان! تکایە پێم بڵێن لەم دێڕانەی سەرەوەدا، وشەی ژیان بە چەند مانا بەکار هاتووە.

__بێژوار__

## وەڵامی مەتەڵەکان

شۆڕش ئەسکۆلی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی. دێگەڵە

ئەم کوڕە جوانە لە چوار مەتەڵی "دنیای منداڵان" ژمارەی تایبەتو پاشکۆی کوردستانی ژمارە ٢٤٢ سێیانی هەڵێناوەو تەنیا وەڵامی مەتەڵی "قەلای گەچی ڕێی تێ ناچی، بە هەڵە جواب داوەتەوەو گوتوویەتی ددانە، کە ڕاستەکەی هێلکەیە. با ئەم کوڕە زیرە چاوەڕێ بێ "دنیای منداڵان" بکاو دیارییەکی بەو ناوە بۆ بنێرێ.

وەڵامی مەتەڵەکانیش ئەمانەن:

١. ئەوە چیە هەر دەڕۆیی‌و نایگەیەی؟ (نیسێ . سێبەر)

٢. تەپە خڕیلەی گیاوردیلە؟ (سەر)

٣. قەلای گەچی ڕێی تێ ناچی؟ (هێلکە)

٤. دەڕوا لاقی نیەو دەخورێ گۆشتی نیە؟ (ئاو)

## گۆشەی یەکتر ناسین



ژیوار حەسەن پوور

**بۆ بەڕێزان بەشی دنیای منداڵان پێشکێشە**

بەڕێزانی ڕۆژنامەی کوردستان دەست خۆشیتان پێدەڵێم لەوەی کە دنیای منداڵانتان بۆ داناوین. هیوادارم کە ئەم کارە جوانەتان هەر درێژەی هەبێت چوونکە بەڕاستی دڵتان خۆش کردووین بەو بابەتە جوانو خۆشانە کە لە ناو دنیای منداڵاندا هەیە. هەروەها سوپاسی ئەو هاوڕێیانەش دەکەم کە بابەتیان بۆ ناردوون.

**ئەمن ژیوار حسن‌پوور، تەمەن ١١ ساڵ، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی.**

پێم خۆشە پێوەندیم هەبێت دەگەڵ منداڵان.

لەگەڵ منداڵی ژیرو عاقڵۆ دەرس‌خوێن بە قسەی دایکو باوکو خوشکو براو گەورەتر لە خۆی بکات بە قسەی مامۆستاکەی بکاتو دەرسەکان بە باشی بخوێنێت دەگەڵ هاوڕێکانی شەڕ نەکا.

لەگەڵ سوپاس

---



سارێژ



سۆما



بۆ بەڕێز دەستەی نووسەرانی دنیای منداڵان

سلاو

وێڕای جوانترینو ڕازاوەترین سڵاوو ماندوونەبوونیو دەست خۆشیتان لێدەکەین، بە بۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی دنیای منداڵان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەو کارگێڕانو دەستەی نووسەران دەکەین.

بەهیوای سەرکەوتنتان.

بە هیوای...

سارێژو سۆما حەکیمزادە

١٣٨١/٤/٢٥

# نەققاشی یەکانی گەیشتوو بە "دنیای منداڵان"





بەیان جووکەلی ، هەشت ساڵە



ڕێناس زەعفی ، جێژنیکان

پۆلی چواری سەرەتایی



جیا مەناف ، جێژنیکان

پۆلی شەشەمی سەرەتایی



هانا ناسری





هەژیر قادری ، دیگەلە

حەوت ساڵە، پۆلی یەکەمی سەرەتایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شیر دا بۆ داپیر دا



پیرێژنێك بزنێكو پشیلەیەكی هەبوو. هەموو ڕۆژێك پیرێژن بزنەكەی دەدۆشیو شیرەكەی دەكردە ماست. ڕۆژێك پیرێژن دەچێ بۆ كانی بۆ ئاو هێنان، كاتێك دەچێ بە پشیلەكە دەڵێ ئەو ماستە ئەخۆیو ئاگاداری نێو ماڵ بە تا دەگەڕێمەوە. پیرێژن دەڕوا بۆ كانی. پشیلەش لە ماڵەوە ماستەكە دەخوا تا پیرێژن لە كانی دەگەڕێتەوە. كاتێك پیرێژن دێتەوە ماڵ، تەماشا دەكا ماڵ هەمووی بەسەر یەكدا كەوتوەو ماستیش خوراوە. پیرێژن زۆر نارەحەت دەبێ. دەكەوێتە بیری ئەوەكە پشیلەكە تەمبێ بكا! بە پشیلە دەڵێ بڕۆ ئەو تەشوێیەم لە ماڵی حاجی بۆ بێنە، گۆشتی قوربانییان بۆ هێناوین با لەتو كوتی كەین. پشیلەش دەچێ پنەو تەشوێ دێنێ، لە كاتی لەتو كوت كردنی گۆشتەكە بە میاوە میاو بە دەوری پیرێژندا دێتو دەچێو لە ناكاو پشیلە كلكی دەكەوێتە سەر پنە. لە پڕ پیرێژن تەشوێیەكی لەكلی دەداو كلكی دەپەڕێنێ. پشیلە بە پیرێژن دەڵێ بۆ وات لیكردمو بێ



كلكت كردم؟ پیرێژن دەڵێ لەبەر ئەوەی ئەو ماستەت خوارد، دەبێ بچی ماستەكەم بۆ بێنییەوە، ئەوجار كلكەكەت بۆ چاك دەكەمەوە.

پشیلە دەكەوێتە ڕێ بۆ لای بزن داوای لیدەكا بە هەر شێوەیەك بێت شیری پێبدا تا بیبا بۆ پیرێژنو پیرێژن كلكەكەی پێبداتەوە. بزن دەڵێت بچۆ گەڵام بۆ بێنە تا شیرت پێبدەم.

پشیلە دەچێ بۆلای دار، پێی دەڵێ، ئەی دار، گەڵام دەیە تا بۆ بزنی ببەم، بزنیش شیرم بداتێ بۆ پیرێژن، پیرێژنیش كلكە قوڵەم بداتەوە. داریش دەڵێ بچۆ ئاوم بۆ بێنە تا گەڵات بدەمێ! پشیلە دەچێ بۆ سەركانی تا ئاو بێنێ بۆ دار. كانی بە پشیلە دەڵێ بچۆ داوا لە كچان بكە تا بێن لەسەرم هەڵپەڕن هەتا بژێمەوە، ئەتۆش ئاو ببە بۆ دار، دار گەڵات پێبدا بۆ بزن، بزنیش شیرت پێبدا بۆ پیرێژن، پیرێژنیش كلكە قوڵەت بۆ چاك بكاتەوە. پشیلە دەچێت بۆ لای كچان. پێیان دەڵێ، داواتان لیدەكەم وەرن بچنە سەر كانی، هەڵپەڕن تا كانییەكە بژێتەوە.

كچانیش بە پشیلە دەڵێن بچۆ بۆ لای پێڵاودروو پێڵاومان بۆ بێنە تا بیانكەینە پێ لە سەر كانی هەڵپەڕین.

پشیلەش دەچێ بۆ لای پێڵاودروو بۆ پێڵاوی كچان، پێڵاو درووش دەڵێ بچۆ ئاوی كەتیرەم لە شاخان بۆ بێنە تا پێڵاوت بۆ بدرووم.

پشیلە دەچێ بۆ لای گوێنیكەرو كەتیرە دێنێ بۆ پێڵاودرووو ئەویش پێڵاو دروست دەكا بۆ كچان. لە پاشان پێڵاو دەبا بۆ كچانو كچانیش دەچنە سەر كانی، دەست بە هەڵپەڕكێ دەكەنو ئاوی كانییش دەژێتەوە پشیلەش لە كانی ئاو دەبا بۆ دارو داریش گەڵا دەدا بە پشیلە. پشیلەش گەڵا بۆ بزن دەباو بزنیش شیر دەدا بە پشیلەو پشیلەش شیر دەبا بۆ پیرێژن، پیرێژنیش هەڵ دەستێ كلكی پشیلە دەدرووێتەوە! پشیلە بە میاو میاوو خۆشی دەچێتەوە نێو رفیقەكانی. ئەوانیش پێی دەڵێن ئەو كلكە جوانەت لە كوێ بوو؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




**وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی: ڕۆژە عەزیزی**

**سەرچاوە: کتێبی "افسانه‌های مشرق زمین"**

ڕۆژگارێك لـە دێـیەك پـیرێژنێك دەژیـا کوڕێکـی هـەبوو نـاوی "عەلیشـا" بـوو. پیرێژن زۆر فـەقیر بوو، بە تەشـی ڕستن نـانێکی پـەیدا دەکردو سکی خۆی‌و کوڕەکەی پێ تێر دەکرد کاتێك "عەلیشا" گـەورە بـوو دایکی پێی گوت:

ـ کوڕم! من توانـای کـار کـردنم نیە، تۆ دەبێ بۆ خـۆت کـار بکـەی‌و نانی خۆت پەیدا بکەی.

"عەلیشا" بـە مەبەسـتی کـار پەیدا کردن وەڕێ کەوت، بەڵام بۆ هەر کوێیەك دەچوو، کارێك نەبوو بیکا.

سـەرئەنجام لـە درگـای مـاڵی ئاغایەکی داو پرسی:

ـ ئێوە پێویستیتان بە خزمەتکار نیە؟

ئاغا گوتی:

ـ بەڵێ خزمەتکارێکمان دەوێت.

ئێستا عەلیشا ببووە خزمەتکاری ئاغا. ڕۆژێك ڕۆیی‌و ئاغا هیچ کـاری بە عەلیشا نەکرد. ڕۆژی دووهـەمیش بە سەر چـوو دیسـان کارێکیـان پـێ نەکرد.

ڕۆژی سێهەمیش تێپـەڕی‌و وا دەهاتە بـەرچاو کـە ئاغا نایهـەوێ کارێکی پێ بکا. عەلیشا ئەوەی پـێ سەیر بـوو کـە ئاغـا بۆچـی ئـەوی ڕاگرتوە.

چووە لای ئاغاو پێی گوت:

ـ ئاغا! ئەدی نابێت مـن کـارێك بۆ ئێوە بکەم؟

ئاغا وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ، بەڵێ دەمـەوێ سـبەینێ بە سـەفەر بچـم‌و تـۆش لەگـەڵ خـۆم بەرم. ڕۆژی دوایی ئاغا دەستووری بە "عەلیشا"دا تا گایـەك بکوژێتـەوەو کـەوڵی بکـا. پاشـان چـوار کیسـەی گەورەو دوو وشتر بـۆ سـەفەر ئامـادە بکـا. عەلیشـا پێسـتی گایەکـەو کیسـەکانی لـە سـەر یـەکێك لـە وشترەکان بار کـردو ئاغـاش سـواری وشـترەکەی دیکـە بـوو و لەگـەڵ "عەلیشا" وەڕێ کەوتن، ڕۆیشـتن تـا گەیشـتنە داوێنـی کێوێـك. ئاغـا دەستووری بە "عەلیشا"دا تا پێستی گایەکەو کیسـەکان لـە سەر پشتی وشترەکەدا بگرێ. دوایی بە عەلیشای گوت بچێتە نێو پێستی گایەکـەو لـە ژێرییەدا ڕابکشێ.

عەلیشـا هـۆی ئـەم کـارەی نەدەزانی، بەڵام. ئەی دەوێرا لە بارەی ئەم کارەوە پرسیارێك لە ئاغا بکـا. ئاغـا بـە پەلـە ئـەو پێستەی "عەلیشا" لە نێوی دابـوو خڕ کـردەوەو کردیـە بووخچەو خۆیشی چووە پشت ڕەوەزێـك‌و خـۆی شـاردەوە. کەم کەم دوو باڵندەی گـەورە هاتن‌و پێستەکەیان کە بۆنـی گۆشتی تازەی لێ دەهات، بە چنگان هەڵگرت‌و بەرەو کێوە بەرزەکە فڕیـن. لـە سـەر ترۆپکی کێوەکە بـە چنگـان پێستەکەیان لـەت‌و پـەت کردو بە بینینی "عەلیشـا" ترسـان‌و هەڵ فڕیـن. عەلیشـا هەسـتایە سـەر پێ. ئاغا بە بینینی ئەو بانگی کرد:

ـ هـۆی کـوڕە! لەگـەڵ تۆمـە. تەماشای ژێر پێت بکـە. ئـەو بـەردە ڕەنگاوڕەنگانەی دەیـان بینی بیانخـە خوارەوە.

"عەلیشا" چـاوی لـە ژێـر پێـی خۆی کرد. ئەڵماس‌و یاقووتی سـووری گەورەو بەردی جوان‌و بەنرخی دیکەی لێ بـوو جەواهیراتەکـە وەك ئەسـتێرە دەدرەوشانەوە.

"عەلیشا" جەواهیراتەکـەی کـۆ دەکردنـەوەو دەیخسـتنە خـوارەوە، ئاغـاش زوو زوو کـۆی دەکردنـەوەو دەیخستنە نێو کیسەکەوە. "عەلیشا" ئەوەندەی کار کرد توانای کار کردنـی نەماو هاواری کرد:

ـ ئێستا چۆن بێمە خوارەوە؟

ئاغا وەڵامی دایەوە:

ـ جـارێ هـەتا دەتوانـی بـەردی ڕەنگاوڕەنگ بەردەوە خوارێ‌و دوایـی پێت دەڵێم چۆن بێیتە خوارەوە.

عەلیشا باوەڕی پێ کردو دووبارە بـەردەکانی کـۆ کردنـەوەو خسـتنیە خوارەوە.

ئاغا هەموو کیسەکانی پڕ کـردو وشترەکانی بار کردو هاواری کرد:

ـ هۆی کوڕی چاك؟ لەگەڵ تۆمە! ئێستا زانیـت مـن چ کـارێکم لـە خزمـەتکارەکانم دەوێـت. چـاو لێکـە بزانە چـەند لـە خزمـەتکارەکانم لـەو سەرەوەن.

ئاغا بە ووتنی ئـەم قسـانە وەڕێ کەوت‌و لێی دوورو دوورتر کەوتـەوە. عەلیشا بە تەنیا لە کێوەکە مایـەوە. کەمێك بەولاترەوە ئێسـك‌و پروسـکی چـەند ئینسـانێکی دی کـە لـە سـەر ترۆپکی کێوەکە بوون.

"عەلیشـا" زانـی کـە ئـەم بەدبەختانە خزمەتکاری ئاغـا بـوون. کێوەکـە ڕێگـای هاتنـە خـوارەوەی نەبوو. هـەموو دیوارەکـانی کێوەکـە لووس بوون.

لە ناکاو، دەنگێکـی گـەورە وەك شەقەی باڵی باڵندەی هاتە گوێیەوە.

پێش ئەوە بتوانێ لە جێـی خـۆی بجووڵێ: بینی هەڵۆیەکی گەورە بـەرەو ئـەو دێ. "عەلیشـا" بـەوزێکی بـە مێشـکیدا هـات‌و لـە پـڕ بـە ئازایەتی‌یەوە بە هەر دوو دەست پـێی دایە قاچەکانی هەڵۆیەکەو توند توند گرتنی. هەڵۆ بەرەو ئاسمان بەرز بۆوەو هەوڵی دا "عەلیشا" بخاتە خـوارەوە، بەڵام عەلیشا بە ئازایەتی‌یـەوە خـۆی ڕاگرتبوو.

کاتێك هەڵۆ لە بەر ماندوویی‌یـان نزم دەفـڕی‌و لـە زەوی نزیـك ببـۆوە، "عەلیشا" لاقەکانی بـەرداو خـۆی خستە خوارەوە.

ئێستا ئیـدی لـە مـردن نـەجاتی ببوو. دیسان بـە دوای پـەیدا کردنـی کار کەوت. لەناکاو هەر ئەو ئاغایەی دیتەوە. هەوا چاك ڕوونـاك نـەببۆوە، "عەلیشـا" چووە لای ئاغـا و داوای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاری لێ کرد. ئاغا بە هیچ شێوە پێی وانەبوو ئەوە هەر خزمەتکارەکەی ئەوەڵی‌یەو توانیویتی بە زیندوویی لە کێوەکە بێتە خوارەوە، لە بەر ئەوە "عەلیشا"ی تەناسی‌یەوەو وەك خزمەتکار رای گرت.

دوای چەند رۆژ ئاغا دیسان دەستووری بە عەلیشادا گایەك بکوژێتەوەو کەوڵی بکاو دوو وشترو چوار کیسەش ئامادە بکا. دیسان پێکەوە بە سەفەر چوون. ئەوان هەر چوونەوە بناری کێوەکەی جاری پێشوو راست وەك جاری پێشوو ئاغا دەستووریدا بە عەلیشا تا بچێتە نێو پێستە گایەکە بەڵام عەلیشا بە ئاغای گوت:

ـ ئاغا من چاك لە مەبەستت تێ ناگەم، ئەگەر دەکرێ فێرم بکە چ بکەم. ئاغا چووە نێو پێستی گایەکەوە. عەلیشا خێرا پێستی کۆ کردەوەو گرێیداو بۆ خۆی چووە پشت رەوەزێك خۆی شاردەوە. ئاغا هاواری دەکرد:

کوریم ئەوە چی دەکەیت؟

لەو کاتەدا دوو باڵندە هاتن و پێستەکەیان هەڵگرت و بردیانە سەر ترۆپکی کێوەکە. ئەمجارەش باڵندەکان پێستەکەیان لەت و پەت کرد و هەر کە ئاغایان دی، ترسان و دوور کەوتنەوە.

ئاغا هەستایە سەر پێ و راوەستا. عەلیشا بە بینینی ئاغا دەستووری پێدا:

ـ یاڵلا زووکە ئەو جەواهیراتە بەرخانە بخەرە خوارەوەو هەر بەو جۆرەی من ئەو کارەم بۆ کردی.

تازە لەم کاتەدا بوو کە ئاغا عەلیشای ناسی‌یەوە. لە ترسان دەستی کرد بە لەرزین و هاواری کرد:

ـ چۆن لەم کێوە هاتیە خوارەوە؟

"عەلیشا" هاواری کرد:

ـ ئێستا وەختی پرسیار کردن نیە. کاتێك بە ئەندازەی پێویست جەواهیرات بۆ خستمە خوارەوە، ئەو کاتە پێت دەڵێم چۆن دەبێ لە کێوەکە بێیتە خوارەوە. ئاغا بەردە بەرخەکانی کۆ دەکردنەوەو دەیخستنە خوارەوە، عەلیشاش دەیخستنە نێو کیسەکان. کاتێك کیسەکان پڕ بوون، عەلیشا باری کردن و بە ئاغای گوت:

ـ تەماشای دەوروبەرت بکە، ئەوە ئێسکی خزمەتکارە بەدبەختەکانن کە بۆ ئەو سەر کێوەت ناردن و پێت نەگوتن چۆن بێنە خوارەوە. ئێستا دەتەوێ من پێت بڵێم چۆن بێیە خوارەوە! مال ئاوا! من رۆیشتم.

عەلیشا بەرەو ماڵی خۆی بەڕێ کەوت، ئاغاش لە سەر ترۆپکی کێوەکە هەر دەهات و دەچوو و هاواری دەکرد. بەڵام بێ‌فایدە بوو چونکە کەس گوێی لە دەنگی نەدەبوو.

## نامەی منداڵێك بۆ دایك و بابەکان

دایك و بابە خۆشەویستەکەم!

تۆ دەزانی منی منداڵ لەشم زۆر ناسکەو وەك تووڵە ئەمامێك وایە، هەر ئاواش دڵم ناسکەو زۆر زووش هەستم بریندار دەبێ، هەر بۆیە هەتا پێت دەکرێ لەگەڵمدا هێدی و لەسەرەخۆبە، ئامۆژگاریم بکەو دڵنیابە هەرچەندی بچووك و وردیلەم لێت تێدەگەم و ئەوەندەی لە دەستم بێ ئامۆژگاری‌یەکانت لەگوێ دەگرم، ئەگەر جار جارەش بزۆزی و فۆشمەیی دەکەم بە هێندی مەگرن ئێوەش رۆژێك لە رۆژان وەك ئێمە منداڵ بوون. ئاخر هەزار حەزو خۆزگەم لە ئاخی دایەو رەنگبێ تۆش یەکیانت پێ جێبەجێ نەبێ.

منداڵەکان ئەم نامەیە بدەن بە دایك و بابەکان با بیخوێننەوە

کەنێرە مێهفەر وێرای نامەیەکی جوان ئەو پارچە شێعرەشی بۆ ناردووین.

**بۆ "دنیای منداڵان"**

دنیای جوانی منداڵان
بەخێر هاتی سەر چاوان

تۆ کۆرپەی کوردستانی
گشت مانگ لەسەر دەستانی

دنیای جوانی منداڵان
بووی بە دایەو باوەمان

دنیای منداڵان جوانە
وەك هێلانەی دڵانە

منیش وەك ئەو کەسانە
هەنگ و پەپوولە جوانە

سەر بە ماڵیان دادەکەن
منداڵ هەموو شاد دەکەن

بوومە خاوەن "دنیای" خۆم
هەموو مانگ چاوەڕێی تۆم.

سەیدایی ژ زارۆکان پرسی: کێ دزانیت ئەم بۆچی نینۆکێن خۆ کورت دکەین؟

زێرینێ گۆت: چونکو بێ‌مفاجە.

سەیدایی گۆت: چ دێ؟

دلڤینێ گۆت: نینۆکێن کورت جوانترن.

سەیدایی گۆت: ژ بلی ڤان، چ دێ؟

سەمیانی دەستێ خۆ بلند کرو گۆت: قرێژ د بن نینۆکێن درێژ دا کۆم دبە ئەو ئەم گەلەك تشتان بە دەستان دخوین. گەلەك شۆلێن دێ ژی پێ دکەین، دوور نینە ئەڤ پیساتی ئو قرێژا دبن نینۆکان دا مرۆڤ بەرهەنگاری نەساخی‌یان بکەت.

سەیدایی گۆت: بژیت پاقژی . . . بژیت سەمیا.

هەمی قوتابی‌یان پێکڤە دەست قوتان.



چاڤکانی: کوڤارا "هەنگ" هەژمارا ٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تۆبەی گورگ

## مەرگە







ڕۆژێك گورگێكی پیر بۆخۆی بەخۆی گوت ئەمن كە لاقێكم لە سەر لێوی قەبرییە واچاكە بڕۆم بۆ حەجو تۆبەی بكەمو تازە گیانلەبەری بەستەزمان نەخۆم. ئەو قەرارەی داناو بەرەو حەج وەڕێ كەوت. ڕۆژێك بەڕێدا ڕۆیی‌و هیچی نەخوارد، ڕۆژی دواییش هەر بەم شێوەیە، ڕۆژی سێهەم وردە وردە برسێتی هێرشی بۆهێنا، چۆكی لەبرسان دەفیزانەوە. (*) ئەمجار گوتی خۆمن ئەوە لەبرسان دەمرم، خوداش، بۆ برسی هەموو گۆشتێكی حەلاڵ كردوە، تەنانەت لە ڕێگەی چوونە حەجێش‌دا!

هەر لەو فكرانەدا بوو لەپڕ لە ناو مێرگێك‌دا ئێسترێكی قەڵەوی چاو پێكەوت. خۆی لە خواردنی خۆش كردو لێی چووە پێش. ئێستر كە چاوی بە گورگ كەوت واقێكی بردەوەو ترسی لێ نیشت. بانگی كردو گوتی مام گورگ خەریكی چی‌و لەچی دەگەڕێی؟! گورگ گوتی ڕاستی‌یەكەی دوو سێ ڕۆژە بەرەو حەج وەڕێ كەوتووم‌و چونكە تۆبەم كردوە هیچم نەخواردوە. بەڵام خۆت دەزانی زگی برسی ئیمانی نیەو بۆ برسییش هەموو گۆشتێك حەلاڵە. ئێستا ئەمن لە ڕووی ناچاری‌یەوە جەنابتان دەخۆم‌و بڕایەوە، خۆئینشاڵڵا خۆم لەبرسان ناكوژم!

ئێسترەكە دیتی نەخێر، كاری كراوەو گورگ بەڕاستی تەمای خواردنی ئەوی لەسەردایە. فكرێكی كردەوەو گوتی: جاخۆ ئەمن قسەم نیە، بەڵام كاتی خۆی نالبەندێك نالی كردووم بزمارێكی لە لاقی داوم ئێستاش هەر لە سمم دا بەجێ ماوەو لە تاو ژانی وەختە هەردووك چاوم دەرپەڕێ. خوداش قبووڵ ناكا ئەتۆ لەلایەك بمخۆی‌و لە لایەكیش ژانی ئەو بزمارە ئازارم بدا. ئەتۆ لەپێش‌دا بزمارەكەم لە لاقی دەرهێنەو دوایی بمخۆ. قسەم نیە!

گورگ گوتی باشە. دا با بزانم بزمار لەكوێیەو چۆنی دەرهێنم. ئێستر گوتی ئەمن لاقم هەڵدێنم‌و ئەتۆش بزمارەكە بە ددانت بگرەو بێ كێشە هەتا دێتەدەر. گورگ گوتی باشە. ئێستر لاقی بەرز كردەوەو گورگ دەمو ددانی بردە پێش‌و تێی ڕاما تا بزانێ بزمارەكە لەكوێدایە. لە ناكاو ئێستر جووتەیەكی لەدەمی گورگ دا، قەت ددانێكی لە زاری گورگی‌دا نەهێشت‌و گورگ لە تاو ئەو زەبرە بێهۆش كەوت. ئێستریش هەڵات‌و بۆی دەرچوو. گورگ پاش ماوەیەك كە وەهۆش هاتەوە دیتی ددانەكانی هەموو وەریون، وەبیری هاتەوە كەچی لێ‌بەسەر هاتوە، ئینجا دانیشت‌و لە بەرخۆیەوە گوتی: هەی گۆڕی گیانت بێ، ئاخر ئەتۆ بابت نالبەند بووە، دایكت نالبەند بووە چت بە بزماری سمی ئێستری دابوو.

دەفیزانەوە= دەنووشتانەوە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org